نەسڕ دەیەوێت گرێبەستی رۆناڵدۆ نوێ بکاتەوە

نەسڕ دەیەوێت گرێبەستی رۆناڵدۆ نوێ بکاتەوە و یاریزانەکەش دەیەوێت تا تەمەنی 41 ساڵی بەردەوامبێت لە یاریکردن.

دوای بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولی سعودیە و شکاندنی ژمارەی پێوانەیی زۆرترین گۆڵ لە مێژووی وەرزێکی خولەکە بە تۆمارکردنی 35 گۆڵ، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەیەوێت بە درێسی نەسڕەوە بەردەوام بێت لە تۆمارکردنی مێژوو.

بە وتەی بن جاکەبس رۆژنامەنووس، یانە سعودییەکە دەیەوێت لەم هاوینەدا دانوستان لەسەر درێژکردنەوەی گرێبەستی یاریزانە پورتوگالییە بکات و کریستیانۆ رۆناڵدۆ تا ساڵی 2025 لەگەڵیاندا بەردەوام بێت.

ئەم ڕۆژنامەنووسە دڵنیایی ئەوەی داوە، کە خودی کریستیانۆ پێشوازی لە درێژکردنەوەی گرێبەستەکە دەکات و دەیەوێت تا تەمەنی سەرو 41 ساڵی بەردەوامبێت لە یاریکردن.

هەر بەپێی قسەکانی ڕۆژنامەنووسەکە، ئەم هەواڵە باشترین هەواڵە دەبێت بۆ خولی سعودیە چونکە بەردەوامبوونی ڕۆناڵدۆ سوودێکی زۆری ماددی و ڕاکێشانی هاندەری دەبێت بۆ خولی ڕۆشەن لە سەرەنسەری جیهانەوە.